# ئەرکەکان لە خێزاندا

## وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیما چۆمانی

خێزان تاکو ئێستا خۆی بە شێوەی ئۆرگانێکی تایبەتو پتەو نواندووە، بونیادی خێزان سیماو ئەرکەکانی بە گشتی لەژێر کاریگەری تەکنۆلۆژیاو بەرهەمەکانیەتی توێژینەوەکان دەریان خستووە کە خێزان لە بەرامبەر زەبرو تەوژمی ژیاندا بێ وێنە خۆراگر بووە. چەند دیاردەیەکی تایبەت لە خێزاندا هاوبەشن کە لە چینو توێژەکانی تر جیا دەکاتەوەو ئەم بونیادە لە کەسانێك پێکهاتووە کە بەهۆی زەماوەند کردنو نزیکی خوێنیو سۆزو هۆگری نێوانیان، پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە.

ئەندامانی خێزان کە کەلتورێکی تایبەتیان هەیەو هەر یەکە وەکو دایكو باوكو هاوسەرو منداڵ ئەرکێکی هەیەو پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا جیاوازەو هەر تاکێك لە ئەندامانی خێزان شوێنو هەلومەرجی تایبەتی هەیە. زۆر فاکتەری جیاواز کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ئەندامانی خێزاندا هەیە کە کەلتوری کۆمەڵگاو خێزانو چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵو دابونەریت(subcultures) دەبنە هۆی جیاوازییەکان لە دانانی ئەرکەکاندا. هەر خێزانێکیش بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی ئەندامەکان، سنوور دانانو هاوسەنگییەکی هەیە کە قبوڵ کردنی ئەم ئەرکانەو ئەنجامدانی بە بەهەکان، پەیوەندی بە توانای زۆرو بەرقەرارکردنی لێك نزیك بوونەوەو پەیوەندییەکانی ناو خێزان هەیە.

هەر ئەندازە پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی خێزان پتەوترو بەهێزتر بێت ئەوە ئەرکەکانیان باشترو دڵسۆزانەتر ئەنجام دەدەن. ئەو ئەرکە هەر یەك لە ئەندامانی خێزان وێنای دەکات بەشێکی بەهۆی کۆمەڵو بەشێکی تریشی لە لایەن سیستمی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێت. هەر یەکێك ئەرکێکی فراوانی هەیە کە لە کاتی جیاوازدا ساز دەکرێت. رازی بوونی ئەندامانی خێزان لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە هەیانە گرنگە.

توێژینەوەکان دەریان خستووە زۆربەی ناکۆکییەکانی خێزان کاتێ ڕوودەدەن کە ئەندامانی خێزان ئەم ئەرکانەی کە پێیان دەسپێردرێت پێچەوانەی خواستو ئارەزووەکانیانە، یاخود توانای ئەنجامدانیان کەمە. ئەم رازی نەبوونە ڕەنگە فاکتەری دەرەکی هەبێت یاخود ناوخۆی خێزان وەکو سپاردنی یەکێ لە ئەندامانی خێزان بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی نەخوازراو.

***جۆرەکانی ئەرك:**

1 - بەشێك لە ئەرکەکان لە ڕێگای دابو نەریتو کەلتورەوە بڵاو دەبێتەوە کە بە ئاستەم دەتوانرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت. ئەم ئەرکانە بە چەند فاکتەرێکی وەکو تەمەن، ڕەگەز، چینەکانی کۆمەڵو نەژادەوە پەیوەندی هەیە.

2 - ئەم ئەرکانە بە هەوڵو کۆشش بەدەست دێن هەر تاکێك بۆ بەدەستهێنان تێدەکۆشێت، وەکو وەرگرتنی پیشە، هەر ئەندازە تاکێك سەبارەت بەم ئەرکەی دەستی کەوتووە رازی بێت. ئەوە ئەرکەکە زیاتر دەچەسپێت لەم جۆرە ئەرکانەشدا ڕێبەری کردنی دایكو باوكو دەوروبەر گرنگە.

3 - ئەو ئەرکانەی کە قبوڵ کراوەو چەسپێنراوە کەسایەتی تاك پێك دەهێنێت، وەکو ئەنجامدانی ئەرکی ڕێبەری کراوە، پەیرەوکردنو بە ڕەواڵەت پیشان دان، ئەم ئەرکانە کاتێك دەچەسپێن کە نیازەکانی تاك لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە یەك بگرێتەوە.

4 - ئەرکی خەیاڵی (فەرز کراو) زۆرتر لە قۆناغەکانی تری تەمەنی منداڵیدا دەچەسپێتو منداڵ ئەم ئەرکانە لە دەوروبەرەکەیەوە پەیرەو دەکات. وەکو ئەو منداڵەی هەندێ جار ئەرکی منداڵانە (کەمتر لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی) ئەنجام دەدات یاخود شێوە جوولانەوەی ڕەگەزی بەرامبەر.

5 ئەرکی دایكو باوك، کە زۆربەی بۆ مەبەستی فێرکردنە نەك سکماکیو چەند فاکتە رێك کاریگەری هەیە لەوانە:

- ڕێژەی بڕوا بە خۆبوونی هەر یەك لە دایكو باوك.
- ڕێژەی کامڵ بوونی هزری.
- ڕەگەزی منداڵ.
- ڕێژەی زانیاریو هۆشیاری دایكو باوك لە قۆناغەکانی گەشە کردنو فراژین بوونی منداڵ.
- ڕێژەی ئەو چێژەی کە دایكو باوك لە بوونی منداڵ وەری دەگرن.
- چۆنیەتیو دانانی کاتی پەیوەندی لەگەڵ منداڵ یان منداڵەکانیانو شێوازی ڕەفتار کردن.

سەرەڕای تەواوی گیروگرفتەکانی ئەم قۆناغە، بوونی منداڵ یەکێکە لە چاوەڕوانییەکانی خێزان، سك پڕی، لەدایك بوونو بەدوای ئەمیشدا بوون بە خاوەنی منداڵ، لەگەڵ سەرجەم گیروگرفتەکانی فاکتەرێکە بۆ خزینی تاك لە نەوجەوانییەوە بۆ تەمەنی لاوی. کەسایەتی دایكو باوك بەرە بەرە پێگەیشتووە بە جۆرێك کە هەر یەکە ئەرکی خۆی لە گەشە پێکردنو پێگەیاندنی منداڵەکەی قبوڵ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە سەبارەت بە خۆیانەوە، زۆرتر بڕوا بە خۆبوون لایان دروست دەبێتو بۆ ئەنجامدانی ئەرکی خۆیان لە لایەن کۆمەڵەوە چەند ڕێنماییەك وەردەگرن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی دایكو باوك دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکاری ئابووری، هەلومەرجی ژینگەییو تاقیکردنەوەی تاکەکان. لێرەدا پێویستە وشەی دایك بیۆلۆژیو باوك بیۆلۆژی پێناسە بکرێت.

***دایك بیۆلۆژیك:**

ژنێك کە سك پڕەو منداڵی دەبێتو سەرپەرشتیو چاودێریو بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵی لە ئەستۆیە. دایك بیۆلۆژیك دەبێت تێگەیشتنو توانای تەواوو ڕەفتاری شیاوی بۆ ئەنجامدانی ئەرکی دایکایەتی هەبێت کە بەم شێوەیە وشەی (دایك) لەگەڵ خۆیدا دەگونجێت. لەوە بە دواوە ئەرکی کاریگەرو گرنگی لە ژیانی منداڵ دەبێت.

***باوك بیۆلۆژیك:**

پیاوێك کە تاقیکردنەوەی سك پڕی لە ڕێگای هاوسەرەکەیەوە بەدەست هێناوە کە بریتییە لە گۆڕانکاری فیزیکیو دەروونی هاوسەرەکەی لەم قۆناغەدا. کەواتە دەبێت بۆ لەدایك بوونی کۆرپەکەی پێشبینی پێویست بکاتو لە پرۆگرامی لەدایك بوونو قبوڵ کردنو وەرگرتنی ئەرکەکاندا هاوبەش بێتو لەم ناوەدا وشەی (باوك) لەگەڵ خۆیدا بگونجێنێت.

بەهەر حاڵ لە لایەن بەشێك لە دایكو باوکانەوە بوون بە خاوەن منداڵ قۆناغێکی پڕ لە مەترسییە کە زۆر جار دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە بەرگەی ئەم گۆڕانکاریانە نەگرن. دەروون ناسەکان لەم بڕوایەدان کە بەشێك لەم گیروگرفتانە کە لەگەڵ هاتنی منداڵو گۆڕانکاری لە ئەرکدا دێتە گۆڕێ، پەیوەندی بەم فاکتەرانەوە هەیە:

1 - لەدایك بوونی یەکەم.
2 - نەبوونی خزمێکی نزیك بۆ یارمەتیدا.
3 - بوونی نیشانەکانی سك پڕی لە ژیانیدا.
4 - مەرگی دایك یان باوکی هاوسەرەکە.
5 - نەخۆشی دایك یان باوك.
6 - جیاوازی ڕۆشنبیری لە نێوان ژنو مێرددا.
7 - تەواو نەکردنی خوێندنی یەکێك لە ژنو مێرد.
8 - بوونی پیاو لە دەرەوەی ماڵ زیاد لە پێویست.

بەشێکی تر لەم قەیرانە پەیوەندی بە گۆڕانکاری فیزیکیو دەروونی دایك هەیە هۆکارێکە بۆ دەردانی هەڵوێستەکانی دەروونی، قەیرانێك کە بەهۆی گۆڕان لە ئەرکدا لە دایکدا ڕوودەدات لەبەر ئەم هۆیانەوە:

1 - گۆڕان لە ڕواڵەتی دایکدا.
2 - گۆڕان لە پیشەو شێوەی کاردا.
3 - ئەو گۆڕانکاریانەی لەگەڵ هاتنی منداڵ دێتە پێشەوە.
4 - گۆڕانکاری لە ماڵدا.
5 - گۆڕان لە وەزعی ئابووریدا.

کەواتە بوونی منداڵ لە خێزاندا لێپرسراویەتی دروست دەکاتو لە ڕاستیدا بەها گوزاریەکی نوێیە بۆ خێزان. لەسەر بنچینەی توێژینەوەکانی (هۆلمۆز)و هۆکارەکانی کە لە ساڵی 1994 ئەنجامیاندا، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ژیان، ئامادەگی تووش بوون بە نەخۆشی، سەبارەت بە لەدایك بوونی منداڵ نمرەی پەشێوی بەشێك لە خێزانەکان زۆر لە سەرەوە بووە. بەشێکیان دووچاری نەخۆشی نوێو هەندێکیان هەڵوێستی هەست کردن بە نەخۆشی بوونە.

**ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەو فێربوونی ئەرکەکان:**

منداڵو تاکەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکان لە ڕێگای دایك، باوك، خوشكو برا، نموونەکانی خێزان، قوتابخانەو زانکۆو مامۆستا فێر دەبن. فێرکردنی ئەم ئەرکانە دەبێت بەو دایكو باوکە لاوانەی کە چاوەڕوانی منداڵ دەکەن، بە نیشان کردنی پێداویستییەکانی فیزیکییەکان، ڕۆحیو دەروونیو ئاشنا کردنی نیازەکانی منداڵ ئەنجام بدرێت.

ئەرکی منداڵ هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی خێزاندا دەگۆڕێت، چەند خێزان گەورەتر بێت، ئەرکەکانیش کاراتر دەبن. ئەرکەکان لە خێزانێکی دایك سالاریو باوك سالاریدا جیاوازە لە کاتێکدا کە منداڵ تەنیا منداڵی خێزان بێت ئەرکی دەگۆڕێت ئەو زۆربەی جار هەست بە تەنیایی دەکاتو گەورەتر ئەبینرێت، ئەو منداڵانە ڕاستەقینەتر لە هاو تەمەنەکانیان دێنە بەرچاو. بەشێك بڕوایان وایە کە ئەم منداڵانە ئەرکی (فاکتەری ئارامی) لە خێزاندا بەجێ دەگەیەنن. ئەرکی تاکێك کە وجوودی دەبێتە هۆی یەکسانی لە خێزاندا. لەم خێزانانەدا (کە بچووکیش بن) ئەندامانی خێزان داواکاریان لە یەك زۆرترە. ئەم جۆرە منداڵانە ڕەنگە زووتر لە کاتی ئاسایی ئەرك بسپێردرێن. سەبارەت بە منداڵی دووانە، هەر چەندە ئەرکی دایكو باوك دژوارترو زۆرتر دەکات هەمیشە لەسەر پەیوەندییەکانی خێزانیش مەترسی دروست دەکات. بە گشتی ڕەفتاری ئەم منداڵانە تەواوکەری یەکترن. زۆربەی کات یەکێك لەم منداڵانە کەسایەتییەکی زاڵ بوو بە خۆیەوە دەگرێتو ئەوەی تریش جێبەجێ کەر (مطیع)

***ئەرکی خێزان لە کاتی جیابوونەوەی دایكو باوك:**

مەرگی یەکێك لە دایكو بقاوك، ئەو منداڵەی تەنیا یەك سەرپەرشتکاری هەیە، زەماوەندی نوێ، دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری زۆر لە خێزاندا. ڕەگەزی منداڵیش فاکتەرێکە بۆ دروست بوونی گۆڕانکاری لە خێزاندا. منداڵ دوای لەدایك بوونی یەکسەر ڕەگەزی لەسەر بنچینەی نێر یان مێ دەستنیشان دەکرێتو لەسەر ئەم دیاری کردنەش ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت.

دایکانو باوکان منداڵەکانیان بە ڕەنگی جلو بەرگو ڕەفتاری تایبەتی لە یەکتر جیا دەکەنەوە کەواتە منداڵ هەڵوێستەکانی خێزان دیاری دەکاتو شوێنێکی نوێ لە خێزاندا دروست دەکات. چەند منداڵ گەورەتر دەبێت ئەرکی ئەو دایكو باوکەش دەگۆڕێت. منداڵ لە قۆناغی جۆراو جۆری تەمەنیدا بە سەرنجدان لە پلەی گەشە سەندنو پێگەیشتنی ئەرکی جۆراو جۆری هەیە.

***قۆناغی شیر خواردن:**

تاقیکردنەوەو متمانەو ئارامی بەدەست دەهێنێت وابەستەو ناهوشیارە. چاودێری دایكو باوکی زۆر لا گرنگە. چاو دەبڕێتە دایكو باوکیو لاسایی ئەوان دەکاتەوە. پێویستی بە چاودێریو سۆزو خۆشەویستی ئەوان هەیە. تاکو لەم ڕێگایەوە کەسایەتییەکی بەهێزی لا دروست ببێتو بڕوای بەخۆی هەبێتو هەست بە لێپرسینەوە بکات.

***قۆناغی سەرپێیی:**

لەم قۆناغەدا منداڵ لە لایەنی لەشو سۆزو ڕۆحەوە بە دایكو باوکییەوە گرێدراوەو بەرە بەرە ئەرکی سەربەخۆو بێ پشت بەستن بە دەوروبەر بەخۆیەوە دەگرێت.

***قۆناغی منداڵی:**

لەم قۆناغەدا ئەرکی هاوتەمەنەکانی، جگە لە ئەرکی دایكو باوك لە ژیانیدا دێتە پێشەوەو زیاتر گرنگی بە دەرەوەی خێزانو ژینگەو هاو یارییەکانی دەدات.

***قۆناغی قوتابخانە:**

منداڵ لەم تەمەنە، چالاکی نوێ بەدەست دەهێنێتو پێشخستنی دەرسو وەرزشو.. بۆ ئەم زۆر گرنگە. خێزان دەبێت هاوکاری بکات تاکو کەسایەتیەکی سەربەخۆی لێ پێك بێتو بە سەرنجدان بە توانای ئەو کەم کەم ئەركو لێپرسراویەتی پێ بسپێردرێت. ڕێژەی خێزان (بچوکیو گەورەیی بە ژمارە) کاریگەری هەیە لەسەر دووری نێوان تەمەنی منداڵانو تەمەنی خێزان لە سەلامەتی خێزانو ئەو ئەرکانەی کە هەر یەکێك لە ئەندامەکانی وەری دەگرێت.

بە گوێرەی ئەم توێژینەوەی کە لە ساڵی (1996) لە بەریتانیا لەسەر (1300) منداڵ ئەنجام درا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەر چەند ژمارەی خێزان کەمتربێت چۆنیەتی پەروەردە کردنو چاودێری زیاترە و ئەرکەکانییش باشترو دروستترو کەمتەرخەمی دایكو باوك بۆ ڕۆڵەکانیان کەمتر بووە.

لەگەڵ گەورە بوونی منداڵو هاتنە دەرەوەی لە خێزان لە ڕێگای زەماوەند کردنەوەی دووبارە خێزان بچوك دەبێتەوە و لە قۆناغی ناوەندی تەمەن هەمدیسان خێزان دووچاری گۆڕان دەبێت

بە شێوەی سروشتی لەگەڵ ڕۆیشتنی دوا منداڵ خێزان سەرەتاو تا کاتی خانەنشینی درێژەی هەیە لێرەدا ئەرکی دایكو باوك دەگۆڕێت و ئەوان دەبن بە داپیرەو باپیرە و دەبێت کاتێکی باشیان هەبێت بۆ پشودان و حەسانەوەو ئەگەر تەندروستیان باش بوو ئەوە زۆربەی کاتەکانیان لەگەڵ نەوەکانان بەسەردەبن و دەتوانرێت سود لەر ڕێنومایی ئو ئامۆژگارییەکانیان وەربگیرێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵانۆ چەند ئەرکێکی شیاو بۆ مەبەستی پاراستنی بڕوا بە خۆ بوون و هەست کردن بە باشە پێیان بسپێردرێت.

لێرەدا دەبێت داپیرەو باپیرە ڕێز لەسەربەخۆیی بیروڕای دایكو باوکی نوێ بگرن، بە تایبەتی کاتێك کە دایكو باوك لەقۆناغی پێگەیشتن و لاوی دابن، ڕێنوماییو چاودێری ئەوان نابێت دژی فەلسەفە و هزری دایكو باوکی لاوو پزیشك بێت.

بە گشتی هەردوو لایەن دەبێت یاریدەدەرو هاوبەش بن نەك ڕکابەر. ئەوان دەبێت پێشنیار بکەن بەڵام ڕێگا لە دایك باوکی نوێش نەگرن گوێبیستی بیروڕاکانیان بن تا شی بکەنەوەو بڕیاری لەسەر بدەن. دەبێت بە شێوەی بنەڕەتی ناسینی بەرامبەر ئەرکی کوڕو کچ (ژنو مێرد) گرنگی پێ بدرێت کە ئەمڕۆ دایك یا باوك بە یەکسانی مافیان هەیە کە هەریەکە بە گوێرەی توانای خۆی ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات، چونکە ڕەفتارو بیروڕاکانیان سەبارەت بە ناسینی خۆیان و منداڵەکانیان کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ منداڵەکانیان و ئەو ئەرکانە کە هەر یەکێك لە ئەوان دەینوێنێ.

دایكو باوك دەبێت کۆشش بکەن بۆ گەشەکردنی هەستی ناسنامەیی منداڵەکانیانو چۆنیەتی پێوەندی کردنیاز لەگەڵ منداڵەکانیان و پتەوکردنی بە شێوەیەك بە گوێرەی تەمەنی منداڵەکات دابندرێت و لەگەڵی دا بدوێن. لە خێزاندا پێویستە ئەرك بە منداڵ بسپێردرێت بە مەبەستی دروست کردنی هەستی بڕوا بە خۆ بوون لای منداڵ و هاوکاریان بکرێت بۆ ئەم مەبەستە. توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە فاکتەری سەرەکی سەرنەکەوتنی منداڵان لاوازبوونی هەستی بڕوا بە خۆبوونیانە. ئەگەر منداڵ لە خیجزان دا پەسەند کراوبێت بێبەش نەبێت لە سۆزو میهرەبانی و ڕێزی لێ بگیرێت، ئەوا لە کۆمەڵگادا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێتو تووشی دڵساردیو نائومێدی نابێت.

**سەرچاوە: مجلە خانە و خانوادە**
**شمارە: 50**

# چارەسەری دیاردەی فرەژنی.. پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریو خەملێنی عەقڵییەتی ژنو پیاوەوە.!

## بەختیار حەساری

فرەژنی دیاردەیەکی لە مێژەو مێژوو کردی کلتوریو کۆمەڵایەتی نێو میللەتی کوردەو لە کۆمەڵگای کوردیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم مەسەلەیە پیادە کراوە... ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکار لەوانە (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو هتد) بێگومان سەرەڕای ئەوەی ئەم هۆکارانە هەر یەکەیان پاساوی خۆی هەیە بۆ بوونی دیاردەکە، بەڵام بەلای منەوە گرنگترینیان نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو نەخەملینی عەقڵییەتی خودی ژنو پیاوە لەم کۆمەڵگایە. چونکە پرۆسەکە پەیوەستە بە ژیانو ئایندەی ئەم دوو ڕەگەزەوە هەروەها هەر بە خۆیان دەبنە کەرەستەی جێبەجێ کردنی پرسەکەو کاراکتەری چەوسانەوەی یەکلاین.. کەواتە گەر پیاوو ئافرەت خاوەنی عەقڵییەتێکی پێشکەوتوو نوێخوازو مرۆڤدۆستو خەملیووبن ئەوسا ئامادە نابن کارێك ئەنجام بدەن کە ببێتە مایەی دواخستنی کۆمەڵو چەوسانەوەی هەردوولا بە تایبەتی ژن..

دیارە زۆر کەس ڕێگا چارەو بۆچوونی خۆی بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە خستۆتە سەر ڕووپەڕی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەکان. هەر گروپو کەسو لایەنێکیش بە پێی تێگەیشتنو ئایدیای خۆی گوزارشتی لێکردووە. زۆر جار باس لە یاساو ڕێگا چارەسەری یاسایی دەکرێت کە بە یاسا پیادەکردنی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە قەدەغەو یاساغ بکرێتو هەر کەسێکیش ئەم جۆرە هاوسەرێتییە واتە فرەژنی ئەنجام بدات ئەوا سزا بدرێت.. ئەمە کارێکی خراپ نییە، سەرەڕای ئەوەی ڕێگای یاسا شێوازێکی شارستانیو مەدەنییەو دەتوانێ بەشێکی گرنگی چارەسەر بکات. بەڵام جۆری یاساو سەرچاوەی یاسا کاریگەری خۆی هەیە بۆ نموونە لە وڵاتی ئێمەدا یاسا سەرچاوەی لە شەریعەتی ئیسلام وەرگرتووە.. شەرعیش ڕێگای داوە کە پیاو بۆی هەیە چوار ژن بێنێ گەر هاتوو مەرجی شەرعی تێدا بووو توانی بەخێویان بکات. جا پێویستە یاسا جیا لە شەرعو ئایین مامەڵەی پێ بکرێو هەنگاوەکانی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بگۆڕێ. ئێستا بە پێی یاسا کارێکی وا کراوە کە دیاردەی فرەژنی نەمێنێ بەڵام دیسان مەرجی بۆ رازی بوونی ژنی یەکەم داناوە.. هەموو لایەکیش دەزانین لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان ژنی یەکەم بە ناچاری دەبێ رازی بێت.

کەواتە یاسا نەیتوانی دەوری خۆی ببینێ. فرەژنی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەر هەبووە پێش ئەوەی بکرێت بە یاسا. گەر یاساش ڕێگر بێت لە پێش فرەژنی ئەوا ژنی دووەم لە دەرەوەی دادگا مارە دەکرێو ژنی یەکەمیش رازی دەبێتو شەرعییەتی یاسایی وەردەگرێ.. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریو خەملینی عەقڵییەتی ژنو پیاو...

هەندێك چارەسەر لە بواری ئابووریدا دەبینن. پێیان وایە کە ئافرەت سەربەخۆیی ئابووری هەبوو ئیتر پیاو ناتوانێ ژنی بەسەر بهێنێ چونکە خاوەنی ئابووری خۆیەتیو چاوی لە دەستی پیاو نییەو هاوکاری پیاوەکەشی دەکات. هەر کاتێکیش پیاوەکە ژنی بەسەر هێنا دەتوانێ بە تەنیا بۆ خۆی بژیو چاوی لە دەستی ماڵە باوانیش نەبێ. بەم پێیە پیاوەکەشی مەسەلەی دەرکردنو تەڵاق وەکو کارتێکی فشار لە دژی ژنەکە بەکار ناهێنێ چونکە منەتی بە بەخێوکردنی نییە.. شتێکی حاشا هەڵنەگرە ئابووری سەرچاوەو بنەمای هەموو کایەکانی تری ژیانە گەر ئافرەتیش خاوەن ئابووری خۆی بێت جگە لەوەی بێ مننەت دەبێ لە بواری ژیانی خۆیدا، هۆشیارییەکیشی لا دروست دەبێ بەهۆی ئەوەی لە چوارچێوەی ماڵ هاتۆتە دەریو تێکەڵاو بە دنیای دەرەوە بووەو هۆشیاری یاساییشی لا دروست دەبێو دەتوانێ بەم پێیە داکۆکی لە مافە مەدەنیو یاساییەکانی خۆی بکات کاتێ تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمانە.. بەڵام خۆ نابێ ئەمە لەبیر بکەین ئێمە لەنێو کلتورێکدا دەژین تا ئێستا بە بەراورد لەگەڵ کلتورە پێشکەوتوەکاندا پڕاو پڕە لە حەرامو پیرۆز هەروەها لە وڵاتی ئێمەدا دابو نەریت وەکو سەرخانێکی کۆمەڵایەتی ژێرخانی چەپاندووەو دابو نەریت سەنگی مەحەکی پێشکەوتنە. نموونەشمان زۆرن زۆرێك لە ئافرەتان خاوەنی ئابووری خۆیانو مووچە خۆرن کەچی هەر شاد نین بە مافەکانیان وەکو پیاووە کۆمەڵێ هێڵی سوور لە چوار دەوریان کێشراوەو نابێ تێیپەڕێنن، تەنانەت دوو مووچە خۆری ژن کە ژنی یەك پیاون، یاساو ئابووری هۆشیاری دەوێ بەبێ هۆشیاری کۆمەڵایەتی هیچ کام لە کایەکان ناتوانێ ماف وەك یەکی بپارێزێو فەراهەمی بکات گەر پرسیارێك ئاراستەی ئەو ئافرەتانە بکەین کە سەر بە هەوێ شوو دەکەن، بڵێین بۆ ژیان لە هاورەگەزەکەی خۆت تێك دەدەی؟ لە وەڵامدا هۆکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ یاسا، ئابووری، کۆمەڵایەتی... هتد. تەنانەت پیاوەکەش پاساوی خۆی هەیە گرنگترینیان تێر نەبوونی ئارەزووە سێکسییەکانە!

بەڵام وەك باسمان کرد سەرباری هەموو پاساوو هۆکارەکان. هۆی سەرەکی نزمی ئاستی هۆشیاریو نەخەملینی عەقڵییەتی پیاوو ژن خۆیانە!

هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو بردنی بە ئاراستەی نوێخوازیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەرکی مرۆڤی هۆشیارو بە توانایە. قسەکردن لەم مەسەلەیەش ڕووبەڕووبوونەوەی کلتورێکی داخراوو پڕ لە هێڵی سوورو بقەیە، ئەم کلتورەش بیرمان نەچێ لەشکری بێشوماری دۆگماو بەستەڵۆك داکۆکی لێدەکات جگە لە دەسەڵاتو سستمی پیاوسالاری،. پیاوو ژن هەم حەرامنو هەم پیرۆز بە تاك پیرۆزن، بەیەکەوە حەرامنو کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. بۆ هەر لە منداڵییەوە فێری عەیبەو بقە دەکرێین؟ ژن ناموسو شەرەفی پیاوە، پیاو وەکو پاسەوان بە دیاریەوەیە.! بۆ نابێ لە قوتابخانە کوڕو کچ بە تەنیشت یەکەوە دانیشنو بۆ سەیران بچنو ماچی یەکدی بکەن؟ لە سەرەتای منداڵییانەوە بۆ لێکدادەبڕێندرێن؟ بۆ نامۆ دەکرێن بە یەك؟ تا عەقڵییەتی دۆگمایی لە بەرەودابێت هیچ هێزێك نییە چارەسەری فرەژنیو سەدان کێشەی تری کۆمەڵایەتی بکات! لێکدابڕانی هەردوو ڕەگەز خواستو ئارەزووی ناسینی یەکدیو گەڕان بە دووی هۆو ئەنجامی ئەو لێکدابڕاندنە دەبێتە خاڵی سەرەکی لە بیرو هزری مرۆڤدا.

شتێکی بەڵگە نەویستە گەڕان بە دووی شتە شاراوەکان بەشێکی گرنگی هزری مرۆڤە. مرۆڤیش بە داهێنانەوە جودا دەکرێتەوە لە ئاژەڵ. جا ئەمڕۆ بێ یان سبەی ئەو حەرامو پیرۆزو هێڵە سوورانە مایە پووچ دەکرێنو مرۆڤایەتی بە هۆشیاریو پێشکەوتنی خۆی دەگاتە مەبەستی خۆی ئەویش ئازادی مرۆڤەکان یەکسانی مرۆڤەکان لە ئەركو مافدا.